

# با سارا ئەمین بێ وەڵام نەمێنێتەوە

سیروان حسێن

ئەگەرچی ئەبووایە پێش ئەوەی پرسیار بکەی خۆت بەدواچوونێکت هەبووایە بۆ کێشەکان، وەک ژنێکی کورد کە بەرپرسیارێتی تۆشە ئەو کێشانە نەک هەر هی مەهاباد قەراخی، بەڵام قەینا مادەم پرسیارت کردووە ئەبێ وەڵام وەرگریتەوە، چونکە من لە نزیکەوە ئاگادارم هەم لە ڕووداوەکان و هەمیش لە چالاکییەکانی ژنان و هی مەهابادخانم بە تایبەتی.

- ئەو کێشەیەی باست کردووە، کێشەی شەیما،کە وەختی خۆی "سارا ئەمین"ێک لە ئارادا نەبوو لێی بێتە دەنگ، مەهاباد و چەند ژنێکی تر لێی هاتنە دەنگ و نامەی کراوەیان نووسی، لە دوای ئەو داخوازییەی کە مەهاباد بۆ مام جەلالی نووسی، لیژنەی لێکۆڵینە لەو مەسەلەیە لە وەزارەتی ناوخۆ دروستکرا. ئەگەر "ئەمین" بیت و بە ئەمانەتەوە دەست بۆ مەسەلەکان ببەی، دەزانی لەو مەسەلەیەدا (تەنها باس لە چەند کەسێکی ئاسایشی شارۆچکەیەکی کوردستان کرابوو، دەربەندیخان، نەک هەموو هێزی ئاسایش)، دەنا ئەوەش هێزی ئاسایشە کە ڕۆژی چەندان تۆڕی تیرۆیست کەشف دەکات و چەندان تەقینەوە هەڵدەوەشێنێتەوە و ئاسایشی خەڵک دەپارێزێت، بۆیە مەهاباد لە ئاسایش ناترسێ. ئەو تەنها نموونە خراپەکانی لە ئاسایش باس کردووە. بەڵێ قوربان ئەو کەسەی کە سەرچاوەی ئەو کێشەیەبوو تەحقیقی لەگەڵ کرا و لە شاڵاوی پاکسازیدا ڕامالڕا، ئەگەر ڕازیت بەم ئەنجامە.
- خوشکی ئازیز، مادەم ئەوەندە خەمی شەیماتە، دڵنیابە مەهاباد شەیمای بینی، کێشەکەشی تا ڕادەیەکی زۆر باش بۆ چارەسەر کرد. چۆنی چارەسەرکرد؟ ئەوە مادەم خۆت دڵسۆزی ژنی و بیرت کەوتەوە بەدوای کێشەی شەیمادا بچی، هەر خۆت دیسانەوە بەدوایدا بچۆ و بزانە چۆنی چارەسەر کرد. مەهاباد تەنها قسە ناکات، کردەوەشی هەیە. تۆش دوای ئەو قسانە هەستە بۆ کردار.
- لە دیدارەکانیدا دەستکەوتی ماددی بۆ تۆ وەکو شەخس چی بووە؟ ڕاست دەکەی، هیچ! ڕەنگە بۆیە ئەوەندە پەستی، بەڵام لەو دیدارانەدا بۆ نموونە ئەوەی زامن کرد کە حکومەت چ لە سلێمانی و چ لە هەولێر یارمەتی کۆمەڵێک ژنی چالاک بدات ، کە

چالاکن و له ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانیشدا نین، تا بێن بەشداری له کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییدا بکەن و ئەزموون بگۆڕنەوە و ژنی کورد بە دنیا بناسێنن. زۆر شتی تریشی کردووە کە تۆ لێی بێئاگایت، ئەگەر موتابەعە بکەی ئینجا دەزانی. کاتی خۆیەتی تۆش هەڵسی و کارەکانی لەگەڵدا تەواو بکەیت ئەگەر ژنێکی ئەزموونداری، ئەو ئەزموونانە ئەبووایە فێریان بکردیتایە کە خەباتی ژنی کورد پێویستی بەتۆشە، نەک وەک خۆت ئەڵێی "تەنها ئەم نووسینەم لە ژیانمدا نووسیوە و ئیتر نانووسم"، لەو نووسینەشدا تەنها (پیاوەتییەک) کە کردووتە ئەوەیە بە گژ ژنێکدا چوویتەتەوە. بۆ نانووسی دایکەکەم، هەر تەنها <u>ئەزموونەکانت</u> بنووسیتەوە یەک دنیا سوودی هەیە بۆ ژنانی تر، ئەگەر "ژنیت!".

- جەنابت کە ڕۆژنامە ناخوێنیتەوە، سەیری تەلەڤیزیۆن ناکەی، گوێ لە ڕادیۆ ناگری و موتابەعەت نییە بۆ ڕووداوەکان و چالاکییەکانی ژنان ،خەڵک بلێ چیی؟! بۆ بێئەزموونی خۆت بەئاسانی بەیان ئەکەی؟ ئەگەر ئەو موتابەعەیەت هەبووایە ئەتبینی مەهاباد لە سلێمانیش و لە هەولێریش و لە شوێنی تریش سەردانی سەنتەر و شەڵتەری ژنانی کردووە، کۆڕ و کۆبوونەوەی لەگەڵ ئافرەتاندا کردووە و وێنەشی لەگەڵ گرتوون و بڵاویش کراوەتەوە. چووەتە ماڵی ئاوارەی کەرکووکیش. ئەگەر ژنی ئەنفالیش دەڵێی؟ نەک هەر سەریان لێ ئەدا، ئەوەتا خۆی و ژنانی چالاکی تر هەوڵ ئەدەن کێشەی ژنانی ئەنفال بگەیەننە دنیا و ژنی ئەنفال خۆی دەبەن لە بەرچاوی دنیا باس لە کێشەکانی خۆی بکات. ئەی ئەگەر ئەو نەیکردووە، تۆ بۆ نایکەیت خوشکەکەم؟ خۆ خاوەن ئەزموون و موئەهەلی. ئەگەر ئەشڵێی منالدارم، خۆ ئەویش منالی هەیە. لە ئاشپەزخانە وەرە دەرەوە، ڕۆژی هاتنە مەیدانە.
- نەک ئەو تۆش ئەتوانیت بچیتە هەر یەک لە تەلەفیزیۆنەکانی کوردستان و ڕەخنە بگری، بچۆ تاقی بکەرەوە، مەترسە بە تایبەتی ئەوەی بەئەزموون بێ و زمانی هەبێ کەس هەقی ناخوات. هەقی بەستەزمانەکان لە هەموو شوێنێکی دنیا خوراوە نەک تەنها لە کوردستان. بە ئەزموون و بەزمانەکان ئەتوانن مافی ئەوانی تریش زامن بکەن. جا تۆش نە خۆت سەخڵەت بکە و نەش ناوی سیانی و چواری خۆت بشارەوە،